# ئەستێرەکان بە هەمووان دەتروکێن



**نووسەر:**

**پژمان شاهوردی**[1]

**وەرگێرانی بۆکوردی:**

**ڕەحمان عەزیزی**

[1] پژمان شاهوردی
لەدایکبوون: ١٣٥٩ی هەتاوی
پسپۆڕی: نووسەر، دەرهێنەر، ئەکتەر
پەروەردە: ماستەر لە ئەدەبی دراماتیک




دیزاینەری پۆستەر: پێدرام مورادی

**کەسایەتییەکان، کارەکتەرەکان:**

**داهۆڵی١**

**داهۆڵی٢**

**شوێنی دیمەنەکە: دیمەنی کێڵگەیەکی گەورە کە دوو داهۆڵی تێدایە.**

**{کە جل و بەرگی هاوشێوە یان لە بەر دایەوە بە سەختی لێک جیا دەکرێتەوە} وە بە سەر دارەوە وەک خاچ بە هەردوو لای شانۆکە دا هەڵواسراوەن دەبینرێت.**

**{زەوی پڕە لە گەڵا و چیمەنی وشککراوە}**

**«لەسەر شانۆکە قادرمەیێکی شکاو کە تەنها بەشێکی دیارە، خۆی نیشان دەدات، پەتێک ڕاست لە ناوەڕاستی شانۆکەدا لە ئاسمانەوە تا مەترێک لە سەرووی زەویەوە هەڵواسراوە»**

**«دەنگی با و قەلەڕەش لە یەک کاتدا دەبیسترێت؛چەند جارێک ڕووناکی دەکوژێتەوە و دێتەوە وەک ئەوەی شەو و ڕۆژت بیربخاتەوە،»**

**«وردە وردە دەنگی قەلەڕەش بە دەنگێکی ترسناکەوە{وەک هۆڕنی بارهەڵگر یان شتێکی لەو جۆرە}تێکەڵ دەبێت کە بێزارکەرە؛»**

**«دوو داهۆڵەکە بە دەنگی با دەلەرزن و دەچنە پێشەوە و دەگەڕێنەوە بەڵام لە شوێنی خۆیان جێگیر دەبن (با بەهێزتر دەبێت)»**

**داهۆڵی١ : دەوترێت دایکی با، گورگە، ئەوەندە دەلورێنێت هەتا منداڵەکەی فێری لۆراندن دەبێت.**

**داهۆڵی٢ : گورگی بەدبەخت، هەرگیز دایکیان نابینن**

**داهۆڵی١ : وەرە (بە با دەڵێت) وەرە ..... وەرە...ئەوندە وەرە هەتا ماندوو دەبيت**

**داهۆڵی٢ : (بە ترسەوە) نەخێر .... بەسە، بەسە، تۆ خوا بەسە**

**داهۆڵی١ : (بە گاڵتەجاڕیەوە) چی ڕوویداوە؟ئەوە تۆ دەلەرزیت! دەترسیت؟ترساوی**

**داهۆڵی٢ :ئەی تۆ؟**

**داهۆڵی١ : ترس؟{بە دەنگی بەرز پێدەکەنێت} دڵم هەمیشە بۆ ئەم با هەژارە دەسوتێت.زۆر هێز بەکار دێنێت**

**داهۆڵی٢ :بەڵام چارەسەری ئم دڵە ڕیشاڵ ریشاڵەمان لە دەستی ئەم با هەژارەیە**

**داوڵی١ :شتێکت وت؟**

**داهۆڵی٢ :(بە ترسەوە) نەخێر .... وتم کەر، ئەگەر خەت خەتی بێت زۆر جوانترە**

**داهۆڵی١ :بەڵام هەموو کەرێک کە خەت خەتی نییە، هەموو خەت خەتیکیش کەر نییە**

**داهۆڵی٢ :شتێکت وت؟**

**داهۆڵی یەکەم: وتم پێم وایە نایەوێت ببڕدرێتەوە**

**داهۆڵی دووەم: چی؟ با؟**

**داهۆڵی یەکەم: قیژەی ئەم قلەرەشەنەفرەتییە**

**(با بەهێزتر دەبێت)**

**داهۆڵ٢ :لەوە دەچێت نۆرەکە، نۆرەی تۆبێت**

**داهۆڵ یەکەم: ئەم بایە بچووکترە لەوەیە کە جەستەی ئەم بییە بەلەرزێنێت**

**داهۆڵ دووەم: ئەی ئەگەر لەرزاندی و نۆرەت هات چی؟**

**داهۆڵ یەکەم: ئەو ئاشی کە وا من کەری ئارد گێری بم هەرگیز بە نۆرە کاری نەکەردوە**

**داهۆڵ دووەم: من ئاشقی کەری خەت خەتیم.**

**(لەناکاو با بەهێزتر دەبێت داهۆڵەکان دەجووڵێن، ڕووناکی دەکوژێتەوە، تۆز شانۆکە پڕ دەکات؛ با ئارام دەبێتەوە، ڕووناکی دەدرەوشێتەوە، داهۆڵی٢ لە خاچەکەوە کەوتۆتە سەر زەوی)**

**داهۆڵی دووەم: (لە سەر زەوی پاڵکەوتووە، سەری بەرز دەکاتەوە، هەوڵدەدات هەستێت، بێهێزی دەست و قاچەکانی ڕێگەی پێنادات هەستێت، وردە وردە بە سەختی هەڵدەستێت، بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری دەکات): چە باشە؟!!! . ...... گوێت لێیە ئیتر دەنگ نایت**

**داهۆڵی یەکەم: بەڵام قیژەی ئەو قەلە ڕەشە نەفرەتییە هێشتا لە گوێمدا زەنگ دەداتەوە**

**داهۆڵی دووەم: نازانم کێ فەرمووی: هەرگیز لە هیچەوە مەگەڕێ بۆ هیچ تانەتپێچێ...**

**داهۆڵ١: هێی تۆ (ئاماژە بە ترسێنەر ٢)بەپێچ، مەپێچە، تانەتپێچێ، بەپێچ ..... لییدە.. بالێینەدا،بە لێدان،لییمەدە...**

**داهۆڵی دووەم: (دەستی دەخاتە سەر سەری و دادەنیشێت) لیمەدە، لیمەدە، من دان بەتاوانکەم دا دەنێم، دان بەوەدا دەنێم**

**داهۆڵی١ :تۆشتێکت وت؟**

**داهۆڵی دووەم: (تازە درکی بە ڕزگاربوونی خۆی لە سەر خاچ کردووە ، سەیری دەستەکانی دەکات و هاوار دەکات): وتم چەند باشە دەست و قاچت خاچێک جوان ناکات**

**داهۆڵی یەکەم: بەڵام هەموو خاچێک کە جوان نییە، هەموو جوانیەکیش خاچ نییە**

**داهۆڵی دووەم: دەبێت بڕۆم (دەست دەکات بە ڕۆشتن)**

**ترسێنەری یەکەم: بۆ کوێ؟**

**ترسێنەری دووەم: بۆ هەر شوێنێک کە ناوی ئێرە نەبێت**

**ترسێنەری یەکەم: (ترس و هاوار دەکات) نەخێر.**

**ترسێنەری دووەم: نەخێر ؟!**

**ترسێنەری یەکەم: نابێت بڕوێت، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ فۆڕمی یەکەم، ئەگەری هەیە کە هەر ئان بێت**

**داهۆڵی دووەم: (بێخەم) کاتێ گەییشت، فووی لێکە با هەڵنەچێت**

**داهۆڵی یەکەم: وەک ئەوەی لەبیرت چووبێتەوە، وایە، مەگر بۆ خۆی نیکوت تا نەگەڕێمەوە بۆ هیچ شوێنێک مەڕۆن؟**

**داهۆڵی دووەم: نەچوومە هیچ شوێنێک!(بە گاڵتەجاڕیەوە ئاماژە بە داهۆڵی یەکەم دەکات)**

داهۆڵی یەکەم: (بە تووڕەییەوە) شتێکت وت؟

داهۆڵی دووەم: وتم دەبێت بڕۆم

داهۆڵی یەکەم: بەڵام تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بە ئەم چوار دیوارەدا سەرکەوێت

داهۆڵی دووەم: دەستت بە ناو ئاودابکە، ئەگەر دەستت بە ناو ئاو دا بکەیت ئەوە هەرگیز ناچیتە دۆزەخ

داهۆڵی یەکەم: کاتێک چاوەکانت ئەو شوێنانە دەبینن کە نابێت بیبینیت، ئەوا پێویستە چاویلکەیان بۆ بکڕیت

داهۆڵی دووەم: بەڵام هەرگیز سەیری کاتژمێرەکەمم نەکردووە

داهۆڵی یەکەم: کاتژمێر چەندە ؟!کاتژمێرەکەت لە چ کاتێکدا وەستاوە؟!!!

داهۆڵی دووەم: (سەیری دەستەکانی دەکات) چاویلکەکەم ... چاویلکەکەم نەماوە

(لە زەویدا دەست بە گەڕان دەکات )

داهۆڵی یەکەم: کاری خۆیێتی

داهۆڵی دووەم: کێ؟با؟

داهۆڵی یەکەم: نەخێر ئەوقلە رەشە خوێن تاڵە

داهۆڵی دووەم: زۆر درەنگ بووە دەبێت بڕۆم

داهۆڵی یەکەم: نەخێر (هاوار دەکات) وتم ئێستایە کە زۆر درەنگ بێت

داهۆڵی دووەم: تۆ ڕاست دەکەیت کە ئێستاییە درەنگ بێت، بۆیە دەبێت ڕابکەم (دەست بە ڕاکردن دەکات)

داهۆڵی یەکەم: دەبێت بمێنیتەوە و ڕووبەڕووی ئەو مردن ببیتەوە کە بۆت دیاری کراوە

داهۆڵی دووەم: تۆ زۆر سادەیت، (بەداخەوە) بەڵام ئەمە بەزانە کە کەر، خەت خەتێیەکەی جوانترن (دەست دەکات بە ڕۆشتن) ئەوندەلێرە بمێنەرەوە تا دەموچاوت وەک قژت زەرد دەبێت (دەست دەکات بە ڕاکردن بەڵام بۆ هەر شوێنێک بڕوات ئەو دەوستێت و دەگەڕێتەوە وەک ئەوەی هیچ بژاردەیەکی نەبێت ـ دێتە لای داهۆڵی ١): شتێکت وت؟!!

داهۆڵی یەکەم: ئەمە یەکەم جار بوو هیچم نەگوت وتۆ شتێکت بیست

داهۆڵی دووەم: لە بیرت دێتەوە دوایین جار لە کوێوە هاتوی؟!!

**داهۆڵی یەکەم: باشە باشە،تا دەم توانی سوڕامەوە؛سێ خول لە چەپەوە بۆ ڕاست،چوار خول لە ڕاستەوە بۆ چەپ،ئێمە تازە لەو سەردەمەدا بە باشی فێری سیستەمی فرەیی بووین؛ئاخە ئەگەر لە کۆتایی خولەکەدا ئەو کاتە مۆڵەتمان پێدەدرا ئەگەر نمایشێکی باشمان پێشکەش کردبا(بە خۆشحاڵیەوە)ئێمە نمرە ی زۆر باش بەدەستمان هێنا**

**داهۆڵی دووەم: مەبەستت ئەوەیە تۆ ڕێگای سەرەکی دەزانیت؟**

**داهۆڵی یەکەم:بە چەپ، چەپ،بە ڕاست، ڕاست..پەل زۆر باشە**

**داهۆڵی دووەم: تۆ دێیت پێکەوە ڕابکەین؟**

**داهۆڵی یەکەم: بەڵام وتی لە شوێنی خۆتان مەجوڵێن تا دەگەڕێمەوە**

**داهۆڵی دووەم: (لەبەردەم داهۆڵی یەکەمدا دەچەمێتەوە)بۆیە وەرە سواربە،سوار بە تا بتوانم بتبەم**

**داهۆڵی یەکەم: لەم خول و سەردەمەدا کەس ئیتر سواری کەر نابێت**

**داهۆڵی دووەم: تۆ ڕاست دەکەیت قوربان (وەک ئەوە وایە سواری ئۆتۆمبێلەکە بێت و بۆ ئەوەی داهۆڵی یەکەم سوار بێت لە تەنیشتی ڕادەوەستێت.) لە بەرێزتان دەپاڕێمەوە؛تکایە فەرموو**

**داهۆڵی یەکەم: بۆنی گەنخاوەت خەریکە بێزارم دەکات، زۆرتری بەشەۆێنە تا تەواو دەبێت**

**داهۆڵی دووەم: تۆ لە گەمژەیی دا نمونەت نییە**

**داهۆڵی یەکەم: (وەک ئەوەی گوێی لە وشەی ناسینی بێت) گەمژە (بە خۆشحاڵیەوە هاوار دەکات) گەمژە هەمیشە خەوتووە، جێگای بن پێخەفەو سەر دۆشەکە .... بەڵام من هەمیشە ڕاست وەستاوم بۆ ئەوەی کەس لە چرای سووردا تێنەپەڕێت**

**داهۆڵی دووەم: پێم وایە مامۆستای خۆشنووسیمان بۆ دیوت: دوو هێڵی هاوتەریب هەرگیز بەیەک ناگەن (بەداخەوە) من و تۆ چیرۆکی هەمان مامۆستاین**

**(قەلە ڕەشەکە دەقیژێت)**

**داهۆڵی یەکەم: گوێت لێیە؟(ترساوە) ها بیناهەر کە گەیشتە سەرمان، قارەقاری ئەم قەلە ڕوو ڕەشە واتە تەپڵی گەورەی ژێر پێی چەپ**

**داهۆڵی دووەم: دەبێت هەڵبێین ( بەدەوری داهۆڵی١ دەخولێتەوە)**

**(دەنگی با و قەلە ڕەشکە بەرزتر دەبێتەو)**

**داهۆڵی دووەم: (بە ترسانی داهۆڵی یەکەم دڵخۆش و دەبێت و گۆرانی دەڵێت): دەور دەور دەورانە چەند خۆشە هەوای بارانە**

**داهۆڵی یەکەم: هەی، ئەوەندە بە دەوری مندا مەگەڕێ ، خەریکە حاڵم تێک دەچێت..(هاوار دەکات) نەخێر ....**

**(دەنگی با و قەلە رەشەکە بەرزتر دەبێتەوە،لەگەڵ زیادبوونی ئەم دووانە، هەروەها دەنگی دوو داهۆڵەکانیش تێکەڵ دەبێت،دەنگەکان دەگەنە لوتکە،رووناکی دەکوژێتەوە دوای چەند چرکەیەک رووناکی دەدرەوشێتەوە، داهۆڵەکان، هەریەکەیان لەگۆشەیەکی شانۆکە کەوتوون ،لە هەمان کاتدا سەریان بەرز دەکەنەوە و چاو لە یەکتر دەکەن،لەناکاو دەترسن و ڕادەکەن بۆ گۆشەیەک،داهۆڵی یەکەم کە تازە ئازادی خۆی بەدی کردووە، لە ترسدا هاوار دەکات)**

**داهۆڵی یەکەم: نەخێر ..... ئێستایە کە بگاتە لامان**

**داهۆڵی دووەم: با هەڵبێین**

**داهۆڵی یەکەم: بۆ هەر شوێنێک بچین پێش ئێمە لەوێیە**

**داهۆڵی دووەم: کەواتە با بچینە شوێنێک کە لەوێ نییە**

**داهۆڵی یەکەم: بۆ نموونە لە کوێ؟**

**داهۆڵی دووەم: لە شوێنێک-**

**داهۆڵی یەکەم: (لە دڵی خۆیدا بیردەکاتەوە) بیرکردنەوە لە شوێنێک کە هەیە**

**داهۆڵی دووەم: باشترە کە{ ئاماژە بە لایەک}باشەلەم ڕێگایەوە**

**داهۆڵی یەکەم: (ڕێگری لێدەکات) نەخێر، ئەو لەوێیە (بە ترسەوە)**

**داهۆڵی دووەم: کەواتە ( لایەکی تر نیشان دەدات) ئێمە بەم ڕێگایە دا دەڕۆین**

**داهۆڵی یەکەم: {ڕێگری دەکات} نەخێر..دەبێت لەوێ بێت**

**داهۆڵی دووەم: { ئاماژە بەلایێکی تر دەکات} باشە ئێمە بەم ڕێگایە دەڕۆین**

**داهۆڵی یەکەم: { ڕایدەگرێت} نە خیر،چاوەڕێ بەکە {گوێی دەخاتە سەر زەوی} گوێم لە دەنگی بوو، ئەو لەوێیە**

**داهۆڵی دووەم: (بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات، پاشان لەسەر زەوی بەدوای شتێکدا دەگەڕێت ، چاوی دەکەوێتە سەر قادرمەکە، لە زەوی هەڵیدەگرێت و دەیخاتە سەر شانی داهۆڵی یەکەم کە لەسەر زەوییە و هاوار دەکات) بایەوانکە ڕابکێشە... کەشتی، سەد و هەشتا پلە ڕۆژئاوا، ئێمە بەم ڕێگایە دەڕۆین {بە دەستی ڕێرەوی ئاسمان نیشان دەدات و دەست دەکات بە سەرکەوتن بەسەر قادرمەکەدا}**

**داهۆڵی یەکەم:نەخێر.**

**داهۆڵی دووەم: ئێمە وەرێ دەکەوین{ ناتوانێ لەسەر پلیکانەکە بوەستێت و دەکەوێتە خوارەوە}**

**داهۆڵی یەکەم: هەرگیز بۆ ئەم شوێنە ڕێگایان نەکێشاوە، هەر لەبەر ئم هوویە هەرگیز لەسەر نەخشە ئاسمان نابینین**

**داهۆڵی دووەم: ئاخ بۆ ئەوانەی کە دەبێ بە درێژایی ڕێگا بەرەو ئاسمان بڕۆن ... بەڵام هەرگیز ناگەنە کۆتایی**

**داهۆڵی یەکەم: خۆزگە قادرمەیکیان بە ئاسمانەوە هەڵواسیبا تا بتوانین سەرکەوین و بگەینە سەربانی زەوی، لەو کاتەدا لەوێوە تەوقەمان لەگەڵ هەمووان دەکرد.**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام ئەی ئەگەر زستان بووایە، ئەوکات دەبوو بەفری هەموو سەربانەکان بەماڵین.**

**داهۆڵی یەکەم: بەڵام زەویەکە سەقفی نییە**

**داهۆڵی دووەم: مەگە وتم هەیەتی؟**

**داهۆڵی یەکەم: تۆ تازە وتت زەوی لە پشت سەقفی هەیە**

**داهۆڵی دووەم: من ؟!**

**داهۆڵی یەکەم: نەخێر ... من**

**داهۆڵی دووەم: تۆ گەمژەی... گەمژە**

**(کاتێک گوێی لە وشەی گەمژە دەبێت، لە شێوەی خاچدا دەوەستێت و هاوار دەکات)**

**داهۆڵی یەکەم: گەمژە هەمیشە خەوتووە، جێگای بن پێخەفەو سەر دۆشەکە .... بەڵام من هەمیشە ڕاست وەستاوم بۆ ئەوەی کەس لە چرای سووردا تێنەپەڕێت**

**داهۆڵی دووەم: ئەگەر تێپەربوو؟**

**داهۆڵی یەکەم: دیکوژم**

**داهۆڵی دووەم: بەچی ؟!**

**داهۆڵی یەکەم: (چەند لقێکی ڕووەکەکە لە خاچەکەی دەکێشێت و نیشانی دەدات): بە ئەوە**

**داهۆڵی دووەم: بە ئەمە ؟!**

**داهۆڵی یەکەم: مەگر نازانیت؟**

**داهۆڵی دووەم: چی؟**

**داهۆڵی یەکەم: هەرکەسێک لە ئە مە بخوات بەدبەخت دەبێت ، ئەمرێت**

**داهۆڵی دووەم: (پێدەکەنێت) بەڵام من زۆرم لەم شتە خوارد، بەڵام هەرگیز نەمردم!**

**داهۆڵی یەکەم: ئەگەر پێت بڵێن مەخۆ، ئەوا بەبێ مۆڵەت بیخۆی، دەمریت**

**داهۆڵی دووەم: (بە دڵەڕاوکێیەوە هاوار دەکات) نەخێر .... وەرە با زووتر لێرە دەربچین**

**داهۆڵی یەکەم: ئێمە نابێت پێکەوە ڕابکەین، پێویستە بەجیا جیا ڕابکەین**

**داهۆڵی دووەم: کەواتە دەڵێی چی بکەین؟**

**داهۆڵی یەکەم: (ئاماژەی بۆ ڕێگایەک دەکات) تۆ بەو ڕێگایە برۆ، من بەم ڕێگایەدا دەڕۆم (ئەو ئاماژە بە ڕێگاکەی تر دەکات)**

**پێکەوە: سێ ..دوو .... یەک**

**(هەردووکیان جیا دەبنەوە و دەست دەکەن بە ڕاکردن بە درێژایی بازنەیەک، وردە وردە جوڵە و هەنگاوەکانیان لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ دەبێت و شێوەی نمایشێک دەگرێت و ڕیتمێکی دیاریکراو دەدۆزێتەوە)**

**داهۆڵی یەکەم: چەپ، ڕاست، چەپ**

**داهۆڵی دووەم: یەک**

**داهۆڵی یەکەم: چەپ، ڕاست، چەپ**

**داهۆڵی دووەم: دوو**

**داهۆڵی یەکەم: چەپ، ڕاست، چەپ**

**داهۆڵی دووەم: سێ**

**(دوای ئەوەی بۆ چەند خولێک دەخولێنەوە، هەردووکیان ماندوو دەبن و دەکەونە گۆشەیەکەوە).**

داهۆڵی یەکەم: گوێت لێیە؟ دەبیستیت؟

داهۆڵی دووەم: چی؟

ت داهۆڵی یەکەم: چیتر نایەت

داهۆڵی دووەم: چی؟با؟

داهۆڵی یەکەم: نەخێر ... قیژەی ئەم قەلەرەشە نەفرەتییە

داهۆڵی دووەم: (لە خۆشیدا هاوار دەکات) پیرۆزە، پیرۆزە

داهۆڵی یەکەم: (نارەحەت دەبێت) بەڵام قاڕە قاڕی ئەو قەڵەرەشە وتەرپە تەرپی ئەم دڵە ؛ هەمیشە بۆ من سەمفۆنیایەکی ناوازە بوو

داهۆڵی دووەم: سەمفۆنی؟!!ئەم ناوە تا چەند ئاشنایە بۆ من؟

داهۆڵی یەکەم: مەبەستت ئەوەیە کە چی بەسەر قەلەرەشەکەدا هاتووە

داهۆڵی دووەم: ڕەنگە لە ناو ڕووبارەکەدا خنکابێت

داهۆڵی یەکەم: (بە تووڕەییەوە ڕوو لە داهۆڵی دووەم دەکات) یان ڕەنگە کەسێک کوشتبێتی بۆ ئەوەی چیتر گوێی لە دەنگی نەبێت

داهۆڵی دووەم: (بە ترساوە و لێی دوور دەکەوێتەوە) بەڵام من هەمیشە لەو قەلەرەشە دەترسام، هەرگیز نەمدەوێرا لێی نزیک ببمەوە، چۆن دەتوانم بیکوژم

داهۆڵی یەکەم: (بە تووڕەییەوە بەرەو ڕووی دەڕوات) تۆڵەت لێ دەکەمەوە

داهۆڵی دووەم: نەخێر..تۆ هەڵەیت

داهۆڵی یەکەم: (قۆڵەکانی لە ملی ترسێنەری دووەم دەپێچێت) دان بەوەدا بنێ، هەر وشەیەک کە دەیڵێیت لەوانەیە کاریگەر بێت لە کەمکردنەوەی سزاکەت

داهۆڵی دووەم: بەڵام خۆت ڕقت لێی بوو، ئێستا بۆ؟

داهۆڵی یەکەم: هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نییە،پێم بڵێ چیت لێکردوە تا نم کوشتویت، من خۆشدەویست

داهۆڵی دووەم: (هاوار دەکات) ئەوە دۆزیمەوە

داهۆڵی یەکەم: کوا ؟! لەکوێیە؟

داهۆڵی دووەم: دەڵێن قەلەرەشە لە ژێر پێی ڕاستی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت هێلکە دادەنێت، با بڕۆین هێلکەکە بدۆزینەوە

(داهۆڵی١ لە تەنیشت خاچەکەی دەوەستێت و داهۆڵی٢ لە ژێر پێی ڕاستی دەست دەکات بە گەڕان)

داهۆڵی یەکەم: ئەمە ڕاست لە ژێر پێی ڕاستمە

داهۆڵی دووەم: (دەگەڕێت بەڵام هێلکە نادۆزێتەوە) بێ سوودە

داهۆڵی یەکەم: زیاتر سەیری بکە،باشتربەگەڕێ

داهۆڵی دووەم: (بە گاڵتەجاڕیەوە) ئەم فۆرمولە ئەوە دەردەخات کە قەلە ڕەشەکەی چیرۆکەکەمان هەرگیز حەزی لە کەرێکی خەت خەتی نەبووە.،

داهۆڵی یەکەم: نەکا!

داهۆڵی دووەم: نەکاچی؟چی نەکا؟چی؟!!!

داهۆڵی یەکەم: ڕەنگە...ئەگەری ئەوە هەیە فێڵ وتەکەڵەیکی تیدا هەبێت (دەچێتە سەر خاچی داهۆڵی دووەم و لە ژێر پێی ڕاستی دەیبڕێت)

داهۆڵی دووەم: هەی!!!؟هوییییییی!!!ئەوە چی دەکەیت؟

(داهۆڵی١ هێلکەیەکی قەلە ڕەشە لە ژێر پێی داهۆڵی٢ دەدۆزێتەوە و هاوار دەکات)

داهۆڵی یەکەم: خیانەت، خیانەت... دەمزانی هەمووی لە ژێر سەرتۆدایە

داهۆڵی دووەم: (بەداخەو نارەحتییەوە هێلکەکەی لێ وەردەگرێت) ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو عاشقی من بووە، واتە من و ئەو عاشق ومەعشوق بووین؟(دەگری)

داهۆڵی یەکەم: ئەوە مانای ئەوەیە منی خۆش نەویستوە،؟!!! واتە (دەگری و دواتر توڕە دەبێت) هەر باشتر کە مرد، بەو ڕووخساری ناشرینە و دەنگە ناخۆشەکەیەوە.

داهۆڵی دووەم: (بە تووڕەییەوە یەخەی داهۆڵی یەکەم دەگرێت) هەی!تۆ مافی ئەوەت نییە بەو شێوەیە باسی خۆشەویستەکەم بکەیت.

داهۆڵی یەکەم: بەڵام ئەو سەرەتا خۆشەویستی من بوو، تۆ مافی ئەوەت نییە بەو شێوەیە باسی بکەیت

داهۆڵی دووەم: پێم وایە دەت دەخورێ؟

داهۆڵی یەکەم: پێم وایە جەستەی مۆبارەکتان دەخورێت

داهۆڵی دووەم: بەڵام جەستەی بەڕێزتان زیاتر دەخورێت

**داهۆڵی یەکەم: ئەو جەستەیەی کە زیاتر دەخورێت جەستەتە**

**داهۆڵی ٢: نەخێر**

**داهۆڵی ١: نەخێر**

**( وردە وردە هەردووکیان لە جەستەیاندا هەست بە خوران دەکەن  و دەست دەکەن بە خوراندنی جەستەیان، ئەوەندە دەخرێنن کە هەریەکەیان دەکەوێتە گۆشەیەکی شانۆکە و بە عەرز دا دەتلینەوە. لەم کاتەدا دەنگێکی ترسناک دەبیسترێت)**

**داهۆڵی یەکەم: تۆ شتێکت وت؟**

**ترسێنەری دووەم: نەخێر؛ ئەی تۆ شتێکت وت؟**

**ترسێنەری یەکەم: تۆش گوێت لێ بووە؟**

**ترسێنەری دووەم: بیرمە مامۆستای وەرزشمان هەمیشە دەیگوت: بیستنی کەی وەک بینین وایە**

**ترسێنەری یەکەم: هەرگیز ئەم دەنگەم نەبیستووە**

**ترسێنەری دووەم: بەڵام من بیستبووم**

**ترسێنەری یەکەم: کێ؟!**

**ترسێنەری دووەم: کاتێک منی هێنایە ئێرە**

**ترسێنەری یەکەم: بەڵێ.. بۆ خۆیەتی، خەریکە نزیک دەبێتەوە**

**ترسێنەری دووەم: با پێکەوە ڕابکەین**

**ترسێنەری یەکەم: بەڵام ئێمە نابێت پێکەوە ڕابکەین**

**داهۆڵی دووەم: لەبەر ئەوەی ئێمە دوو جەمسەری پێچەوانەی موگناتیسین کە نابێت لە یەکتر نزیک بین، نزیکیمان بە واتای مردن دێت.... لە زانستە بنەڕەتییەکاندا ئەم تیۆرمە پێی دەوترێت دریفت**

**داهۆڵی یەکەم: ئەوە ژیرانەترین شت بوو کە تائێستا لە گەمژەیەکەوە بیستبێتم**

**ترسێنەری دووەم: کەواتە نابێت زۆر لێیک نزیک ببینەوە**

**(هەردوو بە زگە خەشکێە دێنە لای یەکتر و لە یەکتر نزیک دەبنەوە)**

**ترسێنەری یەکەم: نزیکیمان بە واتای مردن  مانە**

**ترسێنەری دووەم: نابێت لێیک نزیک ببینەوە**

داهۆڵی یەکەم: نابێت یەکتر ببینن (بەیەکتر دەگەن، دەستیان لە دەست یەک دەدەن، هەردووکیان چاوەڕێی شتێکن، بەڵام ڕوونادات، هەردووکیان دڵخۆشن و هاوار دەکەن)

ترسێنەری دووەم: ئێمە جەمسەری پێچەوانە نین

ترسێنەری یەکەم: ئێمە هاوڕاین

(بە خۆشحاڵییەوە دەست دەکەن بە سەماکردن، شیعرێک دەخوێننەوە کە هیچ مانایەکی نییە، تەنها دووبارەکردنەوەی چەند وشەیەکە)

داهۆڵی یەکەم: (دەستی ترسێنەری دووەم دەگرێت و لە گوێیدا دەڵێت) پێکەوە هەڵدێنین

داهۆڵی دووەم: (تۆقەی لەگەڵ دەکات) پێکەوە هەڵدەکەین (ئاماژە بە لایەک دەکات) ڕێگای یەکەم

داهۆڵی یەکەم: (ڕێگری لێدەکات) نەخێر...

داهۆڵی دووەم: (ئاماژە بە لایەکی تر دەکات) ڕێڕەوی دووەم

داهۆڵی یەکەم: (ڕێگری لێدەکات) نەخێر...

داهۆڵی دووەم: (لایەنێکی تر نیشان دەدات) ڕێڕەوی سێیەم.

داهۆڵی یەکەم: (دیسان ڕایدەگرێتەوە) نەخێر

داهۆڵی دووەم: (ئاماژە بە دیوەکەی تر دەکات) ڕێڕەوی چوارەم

داهۆڵی یەکەم: (دیسان ڕایدەگرێتەوە) نەخێر...

داهۆڵی دووەم: (دەست بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و پەتەکە نیشان دەدات کە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە و هاوار دەکات) ڕێڕەوی پێنجەم

داهۆڵی یەکەم: (هاوار دەکات) نەخێر ... تا ئێستا کەس دەستی لەم پەتە نەداوە، دەڵێن ئەم پەتە زەوی و ئاسمان بە دوو نیوە دابەش دەکات، نابێت لێی نزیک ببیتەوە

داهۆڵی دووەم: بەڵام ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگاربوونمان، هەر ئێستا نەتگوت کە هەر سات خەریکە ڕوودەدات و دەگاتە لامان؟

(داهۆڵی ٢ قادرمە هەڵدەگرێت و دەیخاتە سەر شانی داهۆڵی یەکەم و دەیەوێت بە سەری بکەوێت و پەتەکە بگرێت)

**داهۆڵی یەکەم:** نەخێر ڕاوەستەو توزێک چاوەڕێ بکە، بڕیارەکەت بدە و دواتر بڕۆ، لە ئەم ڕێگایە ناتووانی پەشیمان ببیتەوە

**داهۆڵی دووەم:** نەمانەوە، نەمانەوە، جا چ بە پەت بێت یان بە خاچ (دەست دەکات بە سەرکەوتن)

**داهۆڵی یەکەم:** هەی چاوەڕوان بە، دەتوانی بەڵێنی شتێکم پێ بدەیت؟

**داهۆڵی دووەم:** چ بەڵێنیک؟

**داهۆڵی یەکەم:** بەڵێن دەدەیت ئەگەر بگەیتە لوتکە ئەستێرەکەمم بۆ بهێنیت ؟

**داهۆڵی دووەم:** (بە سەرسوڕمانەوە) ئەستێرەیەک؟!تۆ ئەستێرەت هەیە؟!

**داهۆڵی یەکەم:** بەڵێ لەوسەرەییە، سەوزی سەوز، ئەگەر بینیت پێی بڵێ بەهۆی منەوە ئەوەندە چاوی ئازار نەدات، کەمتر چاو داگرە، پێی بڵێ کە باوەڕم وایە کە تۆ خۆشت دەوێم.

**داهۆڵی دووەم:** بەڵام ئەستێرەکان چاو لە هەموو کەسێک دادەگرن، ئەگەر ئەستێرەیەک چاودانەگرێت ئەستێرە نییە، هەسارەیە

**داهۆڵی یەکەم:** بەڵام تەنها سەیری من دەکات و تەنها چاو لەمن دادەگرێت

**داهۆڵی دووەم:** کاتێک ئەستێرەکەت سەیرت دەکات، وەک ئەوە وایە هەموو جیهانی پێ بدەن

**داهۆڵی یەکەم:** پێی بڵێ چاوەڕێت دەکەم تا ڕۆژێک لەم پەتە دێیتە خوارەوە و دێیتە لام.

**داهۆڵی دووەم:** بەڵام ئەستێرەکان هەرگیز نایێنە خوارەوە، ئێمەین کە دەبێت بەرەو سەرەوە بچین (دەستی بۆ داهۆڵی یەکەم درێژ دەکاتەوە) وەرە...وەرە با پێکەوە بچین و خۆت پێی بڵێین.

**داهۆڵی یەکەم:** نەخێر تۆ بڕۆ، بەڵام بەڵێن بدە بۆم بهێنیت

**(داهۆڵی١ بە توندی قادرمەکە دەگرێت و داهۆڵی ٢ دەست دەکات بە پەتەکە دا سەرکەوتن، کەمێک کە بەرز دەبێتەوە، لەناکاو دەنگێکی ترسناک وەک هۆڕنی بارهەڵگرێکی گەورە دەبیسترێت، هەردووکیان دەترسن، داهۆڵی١ واز لە قادرمەکە دەهێنێت و داهۆڵی ٢ دەکەوێتە سەر زەوی و دەستی ناگاتە پەتەکە)**

**داهۆڵی دووەم:** نابێت؟نابێت؟ناتوانم..

**داهۆڵی یەکەم:** هەر کاتێک ئەم دەنگە نەفرەتییە دەوەستێت، ئەوە مانای وایە لە ئێمە نزیک دەبێتەوە

**داهۆڵی دووەم:** کەواتە ئێستا دەنگەکە وەستاوە؟!

**داهۆڵی یەکەم:** بڕاوە

داهۆلی دووەم: نەخێر نەوەستا

داهۆلی یەکەم: بۆچی پچڕاوە؟

هەردووکیان: (بە ترسەوە هاوار دەکەن) نەخێر.....

(هەر یەکێکیان دەترسێت و هەڵدێت بۆ گۆشەیەک، لەو نێوەندەدا لەناکاو پێکدادان و هەردووکیان دەکەونە سەر زەوی)

داهۆڵی یەکەم: گوێت لێیە؟دەنگ نییە

داهۆڵی دووەم: بەڵام ئەو ڕاست لە دەوروبەرییە

داهۆڵی یەکەم: ئی تر گەییشتن، و وەڕەز بوونی ناڕەحەتم دەکات، زووتربیشەۆێنە تا نوقم نەبێت.

داهۆڵی دووەم: (قادرمە کە دەدات بە داهۆڵی یەکەم) با دووبارە هەوڵ بدەینەوە، ئەمجارەیان تۆ بچوو سەرەوە

داهۆڵی یەکەم: (ترساوە) نەخێر تا ئێستا کەس دەستی لەم پەتە نەداوە، دەست لێدان لە ئەم پەتە بە واتای مردن دەبێت.

داهۆڵی دووەم: بەڵام تاکە ڕێگە دەربازبوونمان ئەم پەتەیە، ئایا تۆ عاشقی نیت؟!

داهۆڵی یەکەم: دار، دارە ئەگەر داری فەرشیش بێت ڕقم لە هەموو دارێکە ، تەنانەت ئەو خواردنەش کە پیوازی تێدایە.

داهۆڵی دووەم: (قادرمەکە دەخاتە سەر شانی و بانگهێشتی دەکات بۆ سەرکەوتن)؛ بۆیە دەست پێ بکە

داهۆڵی یەکەم: ئەوە قبوڵی دەکەم

(داهۆڵی یەکەم بە ترسەوە دەست دەکات بە سەرکەوتن بەسەر قادرمەکەدا، دوو هەنگاو کە بەرەو سەرەوە دەڕۆن، دەستی دەگاتە پەتەکە، دەیگرێت، کاتێک لەناکاو هەمان دەنگێکی ترسناک دەبیسترێت، هەردووکیان دەترسن و دەکەونە سەر زەوی، پەتەکە پچڕاوە و لەناودا دەستی داهۆڵی یەکەم دا ماوەتەوە)

داهۆڵی یەکەم: نابێت،نا، ناتوانین، ناتوانیت

داهۆڵی دووەم: هەر جارێک دەنگی ئەم قەلە نەفرەتییە دەبڕدرێت، مانای وایە لێمان نزیک دەبێتەوە

داهۆڵی یەکەم: مەبەستت ئەوەیە ئێستا دەنگەکە بڕدراوەتەوە؟

داهۆڵی دووەم: پچڕاوە،نەماوە

**داهۆڵی یەکەم: نەخێر، نەوەستاوە**

**داهۆڵی دووەم: بۆچی پچڕاوە**

**هەردووکیان پێکەوە: (هاوار دەکەن) نەخێر ....**

**(هەردووکیان کۆتایی پەتەکە دەگرن و ڕادەکەن بۆ گۆشەیەک، لە کۆتاییدا بەریەک دەکەون و دەکەونە سەر زەوی، داهۆڵی ١ سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری دەوروبەری دەکات)**

**داهۆڵی یەکەم: کە دێت، لە ئاسمانەوە بەرد دەبارێت و لە هەر شوێنێک سەیر بکەیت، هەمووان بە ئەولاو ئەولا داهەڵدێن، کەس نازانێت بۆ کوێ هەڵدێت، بەهیچ شێوەیەک نازانن بۆچی هەڵدێن، تەنها ئەوە دەزانن ئەگەر ڕاوەستن و لێی بپاڕێنەوە، لە فرمێسکەکانیان ئاسن دروست دەکات و بە گۆپاڵ لە سەریان دەدات، ئیتیر ئەوە کاتێە چیتر ناتوانێت دار و بەرد لە دڵی زەویەوە کۆبکاتەوە و برج وباڵاخانە روو بە ئاسمان دروست بکات، ئیتر هیچ کارگەیەک پێڵاو دروست ناکات.بۆ ڕاگرتنی قاچەکان لە قیر گەرمەکان و لە سووتانەوە، مێشک، ئیرادە، زەوق و شەرەف چیتر مانای نامێنێت؛ هەرچییەک بێت و نەبێت (پەتەکە لە شێوەی چەرخی میلێکدا فڕێ دەداتە ملی داهۆڵی ٢) دەێتە بەردی ئاشی کە هەڵدەسورێت و بە هەر جوڵەیەک مردن هەموو ڕوژێک لیمان نزیک دەبێتەوە (دەگری) بەڵێ و من و تۆ کەری ئەو ئاشین کە دەبێت چاوەکانمان هەمیشە دابخێن بۆ ئەوەی هەست بە خولانەوەی نەکەین (تووڕە دەبێت)من و تۆ مەحکومین، مەحکومین بە زیندوویی، مەحکومین بە بینینی مردن ئەو ساتەوەختە، ساتەوەختی خۆشی و بەختەوەریمان (هاوار دەکات) لە مە تێدەگەیت؟**

**داهۆڵی دووەم: (لە بەرامبەری دا بێخەیاڵە، وەک ئەوەی بەهیچ شێوەیەک گرنگی بە قسەکانی نەدابێت) شتێکت وت ؟!**

**داهۆڵی یەکەم: (پێدەکەنێت) بەڵێ وتم کەر، نە خەت خەتەکانی جوانن و نە سادەکەی، کەر،کەرە و کەرکانیش هەمیشە گەمژەن**

**داهۆڵی دووەم: (بە شێوەی خاچ وەستاوە) گەمژە هەمیشە خەوتووە، جێگای بن پێخەفەو سەر دۆشەکە .... بەڵام من هەمیشە ڕاست وەستاوم بۆ ئەوەی کەس لە چرای سووردا تێنەپەڕێت**

**داهۆڵی یەکەم: (یەخەی دەگرێت) گەمژە گیان، ئێستا کەسێک لە چرا یسوور تێپەڕیوە و تۆ هۆشت نەبوو**

**داهۆڵی دووەم: هێس .... بینیم، هیچ نیازێکم نەبوو هیچی لەگەڵ بکەم، ئەو یەکێک بوو لە ناسیاوەکانمان**

**داهۆڵی یەکەم: بۆ ئەوەندە گەمژەی؟**

**داهۆڵی دووەم: تۆ بۆ ئەوەندە گەمژەی ؟!**

**داهۆڵی یەکەم: هاتنت بۆ ئێرە هەڵەیەک بوو، هەڵەیەکی گەورە بوو**

**داهۆڵی دووەم: تا ئێستاش تێنەگەیشتی کە ئێمە خۆمان نەهاتین بۆ ئێرە (هاوار دەکات) بەزۆر ئێمەیانهێناوتە ئێرە، تێدەگەیت ؟؟؟**

**داهۆڵی یەکەم: تێدەگەم کە تەمەنێکە چاوەڕێیم، تۆ تا ئێستا چاوەڕوانیت کردووە بزانی ئازارەکەی چییە؟**

**داهۆڵی دووەم: چاوەڕوانی؟!.... من دەمێکە چاوەڕێم**

**داهۆڵی یەکەم: چاوەڕوانی ؟!چاوەڕوانی چی؟چاوەڕوانی کێ؟**

**داهۆڵی دووەم: چاوەڕوانی ئەستێرەکەم**

**داهۆڵی یەکەم: ئەستێرەکەت ؟!ئایا تۆش ئەستێرەت هەیە ؟!**

**داهۆڵی دووەم: لەو سەریە، بە درێژایی ڕۆژ لە شوێنی کارەکەیەتی، زۆربەی شەوەکان سەردانم دەکات، زۆر خۆشی دەوێم، هەمیشە چاوم لێدەتروکێنێت**

**داهۆڵی یەکەم: بەڵام ئەستێرەکان چاو لە هەمووان دادەگرن، ئەستێرە ئەگەر نەترپێنێت وچاو دانەگرێت،ئەستێرە نییە هەسارەیە!**

**داهۆڵی دووەم: نەخێر ئەستێرەکەم تەنها چاو لە من دەکات؛ئاها ببینە (ئاماژە بە ئاسمان دەکات) نەخێر؛ تۆ سەیری مەکە کاتێ چاو دەتروکێنێت (ڕێگە نادات سەیری ئاسمان بکات)**

**داهۆڵی یەکەم: کەواتە چاوەڕێی ئەوە دەکەیت کە بێتە خوارەوە؟**

**داهۆڵی دووەم: جارێک پێم وتیت، ئەستێرەکان ناینە خوارەوە، ئێمەین کە دەبێت بچین بۆ لای ئەوان، بەڵێ دەبێت بچمە لای ئەستێرەکەم.**

**(پەتی دڕاوەکە لە زەوی بەرز دەکاتەوە و ڕووی لە ئاسمان دەبێت، وەک چۆن دەیەوێت بەسەریدا سەرکەوێت)**

**داهۆڵی یەکەم: (دەچێت و پەتەکە لە دەستی دەبات): ئەم پەتە هی منە، تۆ مافی ئەوەت نییە سەرکەویت.**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام ئەم پەتە بۆ هەردووکمانە**

**داهۆڵی یەکەم: تەنها یەک کەس دەتوانێت بەسەر ئەم پەتەدا سەرکەوێت، ئەو کەسە منم، ئەگەر تۆی خۆش بوایە دەهاتە لات، بۆیە خۆشی ناوێت.**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام ئەو ڕاست وەستاوە بۆ ئەوەی ئاسمان وێران نەبێت، ئەگینا تا ئێستا سەد جار دەهات**

**داهۆڵی یەکەم: ئەو وەک ئەو قەلە روو رەشە کە هەرگیز خۆشی نەویستم، هەرگیز تۆی خۆش نەویست و هەرگیز نابێت**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام چاوم لێدەکات**

**داهۆڵی یەکەم: ئەستێرەکان چاویان لە هەموو کەسێک دەترووکێنن، ئەگەر ئەستێرەیەک چاو دانەگرێت ئەستێرە نییە، هەسارەیە**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام دڵنیام دێتە لام**

**داهۆڵی یەکەم: تۆ هەڵەیت، ئەو هەرگیز نایەت بۆ لات**

**داهۆڵی دووەم: ئەو دێت، تۆ هەڵەیت، ئەو ئەستێرەی منە**

**داهۆڵی یەکەم: ئەوەیش قەلی من بوو**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام من خۆشم دەوێت**

**داهۆڵی یەکەم: قەلەکەش خۆشی دەویستم**

**داهۆڵی دووەم: دڵنیام کە دێت**

**داهۆڵی یەکەم: هەرگیز نایەت**

**(بە توەرەیی باوەش بە یەک دا دەکەن بەیەکەوە دەسوڕێنەوە و دەگەڕێنەوە، دەنگی هەردووکیان بەرز دەبێتەوە، کاتێک لەناکاو قادرمەیەکی پەتی وەک قادرمەی هێلیکۆپتەر لە ئاسمانی شانۆکە هەڵدەواسرێت و ڕووناکییەکی چرپاوی بەسەریدا دەکەوێت، داهۆڵەکان بە بینینی چەند ساتێک سەیری دەکەن، وە پاشان داهۆڵی٢ بە خۆشحاڵیەوە هاوار دەکات)**

**داهۆڵی دووەم: هات ... هات ... هات، دەمزانی دێت**

**داهۆڵی یەکەم: (بەداخەوە دەکەوێتە سەر زەوی)**

**داهۆڵی دووەم:دەمزانی دواجار دێت،، دەبوو خۆم ئامادە بکەم**

**داهۆڵی یەکەم: (بە سەرسوڕمانەوە) مانای ئەوەیە کە هاتوە بۆ لات ؟!**

**داهۆڵی دووەم: (بە شانازییەوە سەری دەهەژێنێت) بەڵی ،ئای هاورێم دەبیت تالای ئەستێرەکەم؟(سوار شانی داهۆڵی یەکەم دەبێت)**

**داهۆڵی یەکەم: ڕەنگە بیەوێت بێتە خوارەوە؟**

**داهۆڵی دووەم: نەخێر، بە چاوترووکاندنەکەی پێی وتم: "چاوەڕوانتم، تۆ وەرە."**

**داهۆڵی یەکەم: مەبەستت ئەوەیە کە دەتەوێت بە تەنیا جێم بهێڵیت ؟!**

**داهۆڵی دووەم: وەک دەبینیت پێویستە لەسەرم**

**داهۆڵی یەکەم: جارێکی تر دێیتەوە لام؟**

**داهۆڵی دووەم: بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەستێرەکەم ڕێگە بدات**

**داهۆڵی یەکەم: دەتوانی بەڵێنم پێ بدەیت؟**

**داهۆڵی دووەم: چ بەڵێنێک؟**

**داهۆڵی یەکەم: بەڵێن دەدەیت ئەستێرەیەکم بۆ بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی چاوم لێبکات و بێتە لام، بمبا بۆ لای خۆی**

**داهۆڵی دووەم: دڵنیابە، بەڵێن دەدەم**

**داهۆڵی یەکەم: تۆ گەمژەیەکی خۆشەویست بوویت**

**داهۆڵی دووەم: (دڵخۆش دەبێت و هاوار دەکات) گەمژە هەمیشە خەوتووە، جێگای بن پێخەفەو سەر دۆشەکە .... ، بەڵام من چیتر ناوەستم، تێپەڕین بۆ هەمووان ئازادە؛ هەموو کەسێک دەتوانێت بە چرای سووردا تێپەڕێت.**

**(لە پلیکانەکانی قادرمەکە سەردەکەوێت کە لەناکاو هەمان دەنگی ترسناک دەبیستڕێت، دەستی لە پلیکانەکە ئازاد دەبێت و دەکەوێتە سەر زەوی، داهۆڵی١ لە پلیکانەکە جیای دەکاتەوە)**

**داهۆڵی یەکەم: ئەوە خۆیتی ...ئەوە ئەو، ئەو ڕاست لە دەوروبەری ئێرەیە، بە دڵنیاییەوە ئەمجارەیان دێتەوە، تکایە بچۆ لە سەر جێگاکەت ڕاوەستە**

**داهۆڵی دووەم: نەخێر دەبێت لەگەڵ ئەستێرەکەمدا بڕۆم (هەوڵدەدات بگاتە پلیکانەکە بەڵام ناتوانێت)**

**داهۆڵی یەکەم: دەبێت بمێنیتەوە، نابێت ڕابکەیت**

**(هەرچەندە داهۆڵی٢ هەوڵ دەدات، ناتوانێت بگاتە قادرمەکە، پلیکانەکە وردە وردە بەرز دەبێتەوە و واز لە سەرکەوتن دەهێنێت)**

**داهۆڵی یەکەم: هەموو شتێک لە شوێنی خۆی جوانترە، دەزانی چی ڕوودەدات ئەگەر بگاتە ئێرە و لە شوێنیکەی خۆت نەتبینێت.**

**داهۆڵی دووەم: (دەگری) ئاسمان دەدڕێت، هەورەکان کون کون دەبن؛ شاخەکان دەجووڵێن و دوکەڵی کارگەکان کۆتایی دێت، ئیتر کەس بە پێڵاوی گەرمەوە لەسەر قیرێکی گەرم ناڕوات، ئیتر کەس بیر لە فڕین ناکاتەوە، چیتر سێو لە درەختەکان ناکەون و کەس تێناگات خەری واتای چییە؟چیتر نەخۆشی کار دەکەوێتە سەر ژیانی خەڵک و ئاسمان لە دوکەڵی سەیارە ڕەش و شین نابێت، لە کاتێکدا کەس چیتر منداڵی نابێت و شارەکان هێندە ڕەش و شین نابن، سەری هەرکەس لە خۆیدایە، وە گەنم بە پێڵاو و پێڵاو و ئاسن ناگۆڕن، ئاسن بە گەنم، ئەوکات من ئیتر من نیم، تۆ ش نیت ، من ...تۆ....**

**(بە دووری خۆیدا دەسورێتەوە و دواجاردەگەڕێتەوە و دەکەوێتە گۆشەی زەویەکە؛ مۆسیقا شانۆکە پڕ دەکات، داهۆڵی ١ بە خەمەوە دێتە سەر سەری)**

**داهۆڵی یەکەم: با ڕابکەین**

**داهۆڵی دووەم: شتێکت وت؟**

**داهۆڵی یەکەم: با پێکەوە ڕابکەین و لێرە دوور بکەوینەوە**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام ئەو لە دەوروبەرەیە و بۆ هەر شوێنێک بچین دەستی پێمان دەگات**

**داهۆڵی یەکەم: ئەوەندە دوور دەبینەوە کە هەرگیز پێمان ناگاتەوە**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام بۆ هەر شوێنێک بچین، ئەو پێش ئێمە لەوێیە**

**داهۆڵی یەکەم: با بەسەرقادرمە کەداسەرکەوین**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام تا ئێستا کەس بەم قادرمەیەدا سەرنەکەوتووە**

**داهۆڵی یەکەم: کەواتە با سەرکەوین بەسەرئەم پەتەدا**

**داهۆڵی دووەم: بەڵام تا ئێستا کەس دەستی لەم پەتە نەداوە**

**داهۆڵی یەکەم: با پێکەوە یاری بکەین**

**داهۆڵی دووەم: کات نەماوە بۆ یاریکردن**

**داهۆڵی یەکەم: با پێکەوە شەڕ بکەین**

**داهۆڵی دووەم: تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاست وەستاوین واتە شەڕ دەکەین**

داهۆڵی یەکەم: (سەیری ئاسمان دەکات، ڕووناکی چرپاندنی ئەستێرەکە شانۆکە پڕدەکاتەوە، داهوڵی یەکەم بە خۆشحاڵیەوە هاوار دەکات)

داهۆڵی یەکەم: ئەستێرەکەت، جارێکی تر هاتەوە، دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بتبات، چاوت لێدەکات.

داهۆڵی دووەم: ئەستێرەکان چاویان بە هەموو کەسێک دەتروکێنن، ئەگەر ئەستێرەیەک چاوی دانەگرێت ئەستێرە نییە، هەسارەیە

داهۆڵی یەکەم: کەواتە با پێکەوە بمرین

داهۆڵی دووەم: مردن ڕۆشتنە، بەڵام ئێمە بۆ مانەوە هاتوین

داهۆڵی یەکەم: با پێکەوە بژین

داهۆڵی دووەم: با پێکەوە بژین؛ ئەو لە دەوروبەری ئێرەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە دەمێنینەوە

هەردووکیان پێکەوە: تا دێت دەمێنینەوە

**{هەردووکیان بەشلە شەڵ بەرەو خاچەکانیان دەرون و خۆیان بە خاچەکەوە هەڵدەواسن؛ با دەست دەکات بە هاژە؛ دەنگی قەلە رەش و با تێکەڵاو دەبن، داهۆڵەکان هەردووکیان لە شوێنی خۆیان جێگیرن و بەهووی با دەلەرزن... ..... ....ڕووناکی دەکوژێتەوە}**